# بچووكترين كامێراى بێ ئاوێنە




كۆمپانیـای سـیگما (sigma) كـە بە یەكێك لە كۆمپانیا ناسـراوەكانی بواری بەرهەمهێنانـی كامێرای دیجیتالی ناسـراوە، لەم ماوەیـەدا بچووكترین كامێرای بێ ئاوێنەی بەرهەم هێنا. كامێرای (sigma FP) هەر بەقەد مۆبایلێك دەبێت بەڵام بارستایی زیاترە.. كێشەكەی تەنیا ٤٢٢ گرامە بە باتری و میمۆرییەوە.

لـە كامێراكـەدا كـە هەسـتەوەرێكی ٢٤ میگاپیسـكلی هەیـە و لـە ئاسـت ئاو كەشـەوای نالەباردا خۆراگرە. كامێراكە شاشـەیەكی ٣,٢ ئینجی لە پشـتەوەیە، جگە لەوە شـوێنی دانانی كێبڵی HDMI بۆ راستەوخۆبەستنەوەی بە تەلەڤزیۆنەوە هەیە و هەرەها راستەوخۆش فلاش میمۆری بۆ دادەنرێ.

بەشـێك لـە تایبەتمەندییەكانـی كامێراكـە ئەوانـەن: خێراییەكـەی ١٨ فرێـم لـە چركەیـەك دایـە. سیسـتەمی فۆكوسـی ئۆتۆماتیكـی هەیـە و روخسـارەكان دەناسـێتەوە. فیلـم بـە كوالیتـی 4k بـە خێرایـی ٢٤ فرێـم لـە چركەیەكدا دەگـرێ، هەروەهـا دەكرێت لـە بری میمۆری فلاش میمۆریشـی بۆ دابندرێ بۆ تۆماركردنی فیلمەكان. كامێراكە هەستەوەرێكی ٢٠ میگاپیكسلی لە هەرلایەكدا هەیە و لەسەریەك وێنەكان بە كوالیتی ٦٠ میگاپیكسل دەگرێت.

# هەستەوەرێک بۆ زانینی کەش و هەوا و رادەی شێ




سـەردەمی تیـن پێوە جیوەییـەكان كۆتایی هـات، ئێستا بـۆ زانینی گەرمـاو ساردی ژوور و دەرەوە لـە ئاپەكانـی مۆبایـل، لـە تۆڕەكانـی ئینتەرنێـت و لـە ئامێـری دیجیتالـی تایبـەت بـە زانینـی كەشـوهەوا سـوود وەردەگیـرێ.

شـیائومی لەو ماوەیەدا هەسـتەوەرێكی بچووك كە بەقەد دوگمەیەك دەبێت بۆ زانینی كەش و هەوا و گەرمی و ساردی ژوور و رادەی شێ بەرهەم هێنا. ئەم هەستەوەرە بچووكە بە Mi Smart Home Temperature ناسراوە.

ئـەم ئامێرە لەگـەڵ مۆبایـل پەیوەنـد دەدرێ و خـودی ئامێرە بچووكـەش سیسـتەمی وای-فـای هەیە و لەگـەڵ تۆڕی ئینتەرنێت پەیوەنـد دەدرێ و لـە هـەر شـوێنێك بـی دەزانـی كـەش و هـەوای ژوور و رادەی شـێی چەنـدە.

كاركـردی ئامێرەكـە ئەوەیـە ئەگـەر لـە دەرەوە بـی و نیـازی هاتنـەوەت هەبـێ لـە مۆبایلەكەتـەوە دەزانـی ژوورەوەتـان ئێسـتا گەرمـە یـا سـاردە، دەكرێـت سـپیلتە سـمارتەكەتان هـەر لـە دوورەوە پـێ بكـەن. كێشـی ئـەو هەسـتەوەرە بچووكـە تەنیا ١٥ گرامـە و دەكرێت لـە هـەر شـوێنێك بـە گونجاوی بزانـی دایبنێـی.

هەسـتەوەرەكە دەتوانێت دەمـای ٢٠ پلـە خوار سـیفر هەتـا ٦٠ پلـە سـەرووی سـیفر بپێـوێ. هەروەهـا دەتوانێت رادەی شـێ لـە سـیفرەوە هەتـا ١٠٠ بزانـێ..



## بۆکسێکی زیرەک بۆ راگرتنی داوەدەرمان

لە سەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیادا بەداخەوە بەهۆی زیاتر حەسانەوە و پشوودانی جەستە و نیگەرانی و نائارامی دەروونی، نەخۆشی و ئازارەکان زیاتر بوونە. سەیری بەفرگری هەر ماڵێك دەکەی پڕە لە داوەدەرمان..

گرفتێکی سەرەکی بەشێکی زۆری نەخۆشان ئەوەیە نازانن و لەبیریان دەچێتەوە لە چ کات و ساتێکدا داوەدەرمانەکانیان بخۆن. تەنانەت شێوەی هەڵگرتنیشان لە بەفرگردا دروست نییە و لە نایلۆنێکی دەخەن و لەنێو بەفرگر دایدەنێن.

کۆمپانیایەك بۆکسێکی زیرەکی هەم بۆ هەڵگرتنی داوەدەرمانەکان و هەم بۆ کاتی بیرهێنانەوەی خواردنی دەرمانەکان بەرهەم هێناوە. بۆکسەکە بە ناوی HiPee Smart Pill Box ناسراوە. دەکرێت هەتا ٨٠ حەبی جۆراوجۆری تێبخرێت. سیستەمی بلوتوسی هەیە و لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ.

ئەگەر بەکارهێنەر لەبیری بچێتەوە کەی حەبەکەی بخوات، بەتایبەتی بە ساڵاچوان یان ئەوانەی بە شتێکەوە خەریکن، لە رێگای مۆبایلەکەوە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدا.

بۆکسەکە بچووکە و چوار بەشی هەیە، دەکرێت لە هەر بەشەی حەبی تایبەت بەخۆی دابندرێ. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت. کاتی خواردنی دەرمانەکان هەم گڵۆپی مۆبایلەکە هەڵدەبێت و هەم پەیامێك بۆ مۆبایلەکە بەرێ دەکا. هەروەها پرۆگرامی بۆکسەکە سکانی بارکۆدی تێدایە و دەکرێت بەهۆیەوە زانیاری سەبارەت بە جۆری دەرمانەکەش بزانی.

## ئامێری فشاری خوێن بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ



زەختی خوێن یەکێکە لە نەخۆشییە بێدەنگە کوشندەکان، واتە هیچ ئازار و هێمایەکی نییە، بەڵام لە درێژمەودادا کە تووشبوو چارەسەر بەکارنەهێنێ بەبێ دەنگی دەیمرێنێ.

ئامێرەکانی پێوانی زەختی خوێن ئێستاکە دوو جۆرن، کلاسیك و دیجیتالی.

ئامێری کلاسیك ئەو ئامێرانەن کە مێژوویەکی لەمێژینەیان هەیە و بە پەمپێکی هەوایی دەستی پێوانی زەختی خوێن دەگرێ. ئامێری دیجیتالیش خۆیان پەمپی ئۆتۆماتیکیان هەیە و لەسەر شاشەیەکیش پێوانی زەختەکە نیشان دەدا.

بەدوای گشتگیر بوونی مۆبایلە زیرەکەکان، ئامێرێکی دیکەی فشاری خوێن بەرهەم هاتووە کە راستەوخۆ لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ، ئەم ئامێرە بە BPM ناسراوە.

ئامێرەکە ئاماژە بۆ کراوەکە یەکەم ئامێرە کە بێ کێشە سێ کار ئەنجام دەدا، لێدانی دڵ، زەختی خوێن و پێوانی «ئەلکترۆکاردیوگرافی» هەموو ئەو ئەرکانەش لە ٩٠ چرکەدا ئەنجام دەدا.

بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتەوە کە لە هەم لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید هەم لەگەڵ ios دەگونجێ لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ، لەسەر مۆبایلەکە گشت داتاکان تۆمار دەکرێن.



## سامسۆنگ گەلەکسی تاب ئێس ٦ی خستەڕوو

سامسۆنگ لەو ماوەیەدا نوێترین تەبلێتی خۆی واتە galaxy tab s6 خستەڕوو. ئەم تەبلێتە زۆر وەك هاوشێوەکەی خۆی واتە s5 دەچێت. جیاوازییەکی بەرچاوی نێوان ئەو دوو تەبلێتە ئەوەیە کە خاوەنی دوو کامێرایە، ١٣ میگاپیسکل و ٥ میگاپیسکل. کەلێنێك لە خوارەوەی کامێراکان هەیە کە بۆ شەحنکردنەوەی S-pen داندراوە. قەڵەمەکەی بە هۆی بلوتوسەوە لەگەڵ تەبلێتەکە پەیوەند دەدرێ. تەبلێتەکە خاوەنی ٤ بڵندگۆیە. دوو سپیکەر لە سەرەوە و دوو سپیکەر لە خوارەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت چۆن جیمێلەکەم کە کۆدی نهێنیم (پاسۆرد)م لەبیرچۆتەوە، چالاك بکەمەوە؟

خوێنەری بەڕێز ئەگەر خودی usernameت لەبیرچۆبێتەوە، ئەوە ڕێگایەکی دیکەی هەیە. بەڵام ئەگەر تەنیا پاسۆردەکەت لەبیرچۆتەوە، ئەوەش بە ڕێگایەکی دیکە دەتوانی جیلمێلەکەت چالاك بکەیەوە. سەرەتا جیمێل بکەوە، ئەو بەشەی کە نووسراوە پاسۆردەکەت لەبیرچۆتەوە هەڵبژێرە، ئەگەر پێشووتر ئیمێلی پێشتیوانت بۆ جیمێلەکەت دیاری کردبێ ئەوە ئیمێلە پشتیوانەکەت بنووسە، پاشان بچۆ ئێملەکەت بکەوە و پەیامێك هاتووە و لەودا دێڕێك هەیە بە بۆڵد نووسراوە، دێڕەکە کلیك بکە و دەتوانی پاسۆردی نوێ دابنێی.. یان ئەگەر ژمارە مۆبایلت دانابێ، ئەوە ژمارە مۆبایلەکەت بنووسە و کۆدێك بۆ ژمارە مۆبایلەکەت دێ و کۆدەکە لەو بۆکسەی بۆ ئەم کۆدە دیاریکراوە بنووسە، ئەوکات دەتوانی پاسۆردەکە بگۆڕی و جیمێلەکەت ئەکتیڤ بکەیەوە..



## تاقیگەیەکی بچووکی ئاوی خواردنەوە

مرۆڤ لەم سەردەمەدا گرنگییەکی بە چۆنییەتی خواردن و خواردنەوە دەدات، سەبارەت بەو خواردنانەی دەیخوات بۆی گرنگە چ کوالیتییەکی هەیە، بەتایبەتی خواردنە نائۆرگانیەکان و ئەوانەی خۆماڵی نین.. لەگەڵ گرنگی دان بە خواردنەکان، کەمتر گرنگی بە ئاوی خواردنەوە دەدەین، پێمان وایە هەر ئاوێك کە لە مارکێتەکان دانرابێ بۆ فرۆشتن شایانی خواردنەوەن. بەخۆشییەوە ئێمە لە هەرێمێکدا دەژین سەرچاوەی ئاوی پاکی خواردنەوەیە، بەڵام پێویستیشە بزانین ڕێژەی پاك و شایانی خواردنەوەی ئاوەکە چەندە..

ئامێرێکی بچووك کە وەك مەدالیایەکی سویچ یا کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیل دەچێت لە ماوەیەکی کەمدا زانیاریت لەبارەی ئەو ئاوەی دەیخۆیەوە پێدەدات. ئامێرەکە بە Lishtot TestDrop Pro ناسراوە. ئێمە زۆرجار هەیە بە تام یا بە بۆنی ئاوەکە دەزانین کە شایانی خواردنەوەیە، بەڵام ئەو ئامێرە ئاسانترین ڕێگایە بۆ زانینی چۆنییەتی ئاوی خواردنەوەکە. ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایلیش پەیوەند دەدرێت و لەئاپێکی تایبەتیدا بە وردی زانیارییەکان ڕوون دەکاتەوە. لە سەر ئامێرە بچووکەکە سێ فەرمان هەیە کە هەرکامیان تایبەتن بە بەشێکی زانیاری سەبارەت بە ئاو، تەنیا لە ماوەی دوو چرکەدا زانیارییەکەت پێدەبەخشێ و پێت دەڵێ ئەو ئاوە شایانی خواردنەوەیە یا نا؟ تەنیا لە ماوەی دوو چرکەدا شیکاری و تاقیکاری ئاوەکە دەکات. ئەویش بەهۆی سیستەمی ئەلکترۆموگناتیسی. تیشکێکی سەرووی سوور لە ئاوەکە دەدات و مەیدانێکی موگناتیسی دروست دەبێت و بەهۆیەوە زانیارییەکان دەزاندرێن.

# پاک کردنەوە و شێ ڕاگرتنی هەوا



چەند ساڵێکە ئامێرێك لە بازاڕەکانی هەرێمیشدا هەیە کە هەڵمێکی بۆن خۆشی لێدێتەدەر و هەوای ژوورەکە بۆنخۆش و شێدار دەکات.

شیائومی ئەم ئامێرەی تایبەت بە شێدارکردنەی بەشێوەی زیرەك بەرهەم هێناوە، ئامێرەکە بە جۆری MIJIA Smart Sterilisation Humidifier ناسراوە. جیاوازی ئەم ئامێرە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە ئەوەیە کە سمارتە و بۆ پاککردنەوەی ئاوەکە لە تیشکی سەرووی وەنەوەشەیی سوود وەردەگرێ و ئاوەکە پاکدەکاتەوە لە هەرچەشنە باکتریا و ڤایرۆسێك.

لەو ناوچانەی گۆی زەوی کە هاوینەکانیان گەرمە زستانەکانیشیان وشك و ساردە، وەك بەشێکی ئەو هەرێمە. لە حاڵەتێکی وادا شێ لە هەوادا ١٠ هەتا ٢٠٪ کەم دەکاتەوە، ئەم حاڵەتە کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی مرۆڤەکان دادەنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشە بۆ کۆئەندامی هەناسەدان دروست بێ. نە تەنیا بۆ مرۆڤ بەڵکو کێشە بۆ ئەو ئامێرانەی لە دار دروستکراون دروست بکات و گەورە و بچووکیان بکاتەوە بەتایبەتی دەرگاکان لە زستاندا، جگە لەوەش کتێب و تابلۆ هونەرییەکانیش کێشەیان بۆ دروست دەبێ. ئامێری ناوبراو هەم هەوای ژوورەکە پاك رادەگرێ و هەم شێ و نم بڵاودەکاتەوە.

تانکی ئامێرەکە نزیکەی ٥ لیتر دەبا و دەتوانێ بۆ ماوەی ١٥ کاتژمێر کار بکا. پاش ئەوەی ئاوەکەی پاك کردەوە دەیکات بە هەڵم و بڵاوی دەکاتەوە.




## ماڵپەڕێک بۆ نووسینی دەقی جوان

لە سەر کۆمپیوتەرەکەتدا دەتوانی بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکانی تایبەت بە گرافیك و نەخشەسازی، تابلۆی سەرنج راکێشی نووسین بۆ مانشێت بێ یان بۆ کاری گرافیکی بێ بنووسی، بەڵام هەمیشە لەسەر کۆمپیوتەرکەتدا پرۆگرامی پێویست نییە و ئەگەر هەشبێت رەنگە ئەو شارەزاییت نەبێ.

لە جیهانی وێبدا سەدان ماڵپەڕ هەن بۆ نووسینی تابلۆی جوان لە دەقەکان، چ بە ئینگلیزی و لاتینی بێت چ بە فۆنتی عەرەبی. یەکێك لەو ماڵپەڕانە، ماڵپەڕی Picturetopeopleە. لەو ماڵپەڕەدا توانای زۆر بۆ نوسینی دەقی جوان هەیە جگە لەوەش دەتوانی کار لەسەر فایلی وێنەیی، لۆگۆ، چوارچێوەی وێنە و تانەت ئەستیکەریشی پێ دروست بکەی. دەتوانی رستەیەکی ٢٥ وشەیی بنووسی و پاشان قەوارە و و پەراوێز و رەنگ و سێبەری و زۆر شتی دیکەشی بۆدابنێی.

# پرۆگرامێک بۆ بردنەسەری خێرایی سیستەمی ویندۆز




زۆرجار خێرایی سیستەمی کۆمپیوتەر بەهەر هۆکارێك بێت دادەبەزێ، گرنگترین هۆکاریش کە دەبێتە هۆی دابەزینی خێرایی مانەوەی پاشماوەی فایلە زیادەکانە و کە هەم کێشە بۆ هارد و هەم بۆ سیستەم دروست دەکات. لەکاتێکی وادا دەبێت کۆمپیوتەرەکە Defrag واتە یەك پارچە لێبکرێت و شوێنی بایتە چۆلەکان پڕ بکرێنەوە. هەرچەندە لەناو خودی سیستەمەکە بەشێکی هەیە تایبەت بە Defrag کردن.

پرۆگرامی Auslogics Disk Defrag تایبەتە بە یەك پارچەکردنی کۆمپیوتەر. ئەم پرۆگرامە بە خێراییەکی و زۆر بە سوود وەرگرتن لە نوێترین تەکنەلۆژییەکان کاری یەکپارچەکردنی هارددیسك ئەنجام دەدا. لەکاتی کارکردندا بینەر بۆخۆی بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەیبینێ کە زانیارییەکانی کام بەش تێکچووە و لە شوێنی خۆی نەماوە. ئەم پرۆگرامەکە لەگەڵ هەردوو سیستەمی NTFS, FAT دەگونجێ. هەروەها کێشەی لەگەڵ هیچ هارددیسکێك نییە.